
# خۆشهاتن بۆ
# دوا-خەزان-نامەکەی من!



ئەنوەری رەشی عەوڵلا

## بۆ ئەسرینە نەبینراوەکانی عوسمان شەیدای برام

### ١.پەنهانیەت

ئیدی لەم مێرگو غوبارانەی لەنێو سەرابەکاندا راکشاون..، هێندە بەهەڵچونەوە شانامە وردو درشتەکانی باران ناخوێنمەوە، نەبادا کزکز بمسوتێنیٚ حەرفی ئەو تنۆکە ئەغیارانەی لەسترانی بروسکەکانەوە دادەخزێن.

ئەی ئەو ناوە دانەسەکناوەی لەدامەنی ئاسمانێکەوە.. بەتەکبیری شنەباکان ه ە ڵ و ە ر ی ت ە سەر شاشەقامی مەنفایەکی بێپەرژین.. و دەمو دەست بیٚ بەش بەشبون.. یەکەندەرو لەگەڵ سپێدەی مانایەکی خەواڵویدا سەری قسەت دامەزراند.. ..و ئەویش بەحەرفی تازە زاوی ئەو شەونمانەی کە لەسەر توێکڵی هەنارێکی تازە شەقبردویدا بوو، داڵدەی دایت.

–بڵێ لەکەینێوە: لەو ئاسمانە بێ سەرحەدەی خۆتت پێسپاردو لێیەوە هاتی، چۆنچۆنی سیحرو رەهاییەکانی روانین لەبیستن..و. لەم عەردەشدا کە تێیکەوتیو خۆتت بۆ لێنارەپسکا (ستەم چەشتن لەستەمکردن) فریشتانەترە؟

–توو چاوە ستەمدیدەکەی غوربەت

–توو حوزنو خەمە خاڵخاڵیەکانی شەیدا.. مەبێژە

(هیچی منو هیچی تۆ.. .. دەستت لە**دەروونم** بەردە)

**ب. دەروون**

من دمگوت: بەهەدادانەوە.. با ناوی ئەو شتانە لەبەر بکەین، کە ناویان نیە! بەو رێگای ستایشانەدا رەت ببم، کە رێگای حەرەمخانەی نیە! بێخودە.. جوێکردنەوەی وشەکانی شەو، لەمانا راڤەکراوو سوکبارەکانی رۆژ.

ئەم شالاوی کڵپانە.. لەپزدانی ئەم زەمهەریرە بێوازانەی پەلکوتینیان بۆ عەدەم نیە. هەنوکە ئازادم،

لەبەختگرەوە گزیکەرەکانی ئازادیو دەزانم (موناجاتەکانی ئازادیش قوڵن.. قوڵتر لەوەی کە کۆیلەیەك لەمەملەکەتی بەخت یاریدا بیری لێکردۆتەوە) ئەز چی بێژم لەم فیراقە بەویقارەمدا.. حەزم لێبوو

ماڵێکم هەبێت لەویساڵی هەور

بەرهەیوانێ لەعیرفانی ئاوی کەوسەر

باخچەیەك لەوەجدی ئاگر

بەرچیفێ لەسوناتای–با–و

پێشکەش بەبوکی خەیاڵم.. شنە باخی مانگە شەوبێ.

قەیدی نیە با لەم فیراقەدا.. ئەفسانە خۆشدڵەکانی ئێوەم خۆشبن

پێستی شەفافی هەورم بۆ بەرگ‌و

ئێسکی بنچکداری ئاوم بۆ روئیاو

سورایی خانەکانی ئاگرم بۆ واژەو

وەسوەسەکانی–با–م بۆ رستەو

موناجاتەکانی نێو بەرزەخیشم.. بۆ خاكوخۆڵی ناونیشانتان بێ!

لەم فیراقە بەخوڵقەمدا، لەبەردەم نەزەرگەی ئەو دەرگا دوو دەرانە وەستاوم کە لەخوڵقی بارانن. بروسکە کلیل..و سەوزایی ئەڵقەڕێزی عەیشو نۆشە پەلوپۆدارەکانی رۆشناییین.

بەڕووشکاندنی شوعلەیەکی پڕ وەسوەسە شاد نیم.. کە بەعیشقی هەموو پەروانەیەك رازی نیە!

گوڵئەندامێکی بەگەزاف نادەمە بەر تانووت.. کە لەبەردەم ئاوێنەی وەرزەکاندا بەجوانی نومایشەکانی خۆیەوە دەنازێ.

گاڵتە بەکزەڵەیی ئیمانداریێك ناکەم.. کە لەزیارەتی پەرستگایەکدایە (کە خەوننامەیەو بەس)!

لەعیزەتی ئەو کۆشکە دڵ رازێنانە کەم ناکەمەوە، کە لەقوڕە سوورەی خۆرن..و وەستاو شاگردەکانی ئەستێرەو بارانن.

ئەز چی بێژم بەبڕوایەك کە لەکتێبێکی پیرۆزی–با–دا دەفەرموێت:

گۆشتی باڵندەکانم لەخۆڵ.. ..و

پەڕیان لەئاو..و

رۆحیان لەئاگرە!؟

لەم فیراقە بە بەهاتەشمدا–گوێم لەچرۆسانی تەنیاییەکانی خۆمە، کە باسنامەو چیرۆکەکانی خۆیان بۆ خونچە لەگەمە رێدەربەرەکانی سەر پردی سیرات دەگێڕنەوە. زۆر جار دەمگوت:

ئەی هەور بمبەرەوە بۆ یەکەم بارینی خۆت

تا ئاوێزانی ئەو تنۆکە بارانە بمبەوە کە بەسەما یەزدانیەکانیان لەکوچەکانی بۆشاییدا جاڕیان دەدا.. بۆ دەرکەوتنی ئەو هەتاوەی پێیەکانی لەنێو بەرزەخی نێوان مردن..و ژیانێکدا دانابوو.

سەردانێکی ئەم ماڵە نۆماڵەی تەنیاییم بکە ئەی–با–

کە پێو قەدەمی موبارەکی تیشکی لێیە.

تۆش پەنجە ناسکەکانت لەپێستە رەشە رێحانەییەکەی رۆحمەوە بدە ئەی باران، کە گوڵ بەبۆنەکەیدا لەئێمەی مرۆڤ جودا دەبێتەوە.

رۆحنامەی گوڵە ماڵ خەراوبووەکانم بۆ بەیانبکە ئەی پەپوولە، تۆش بەفڕینتا لەگوڵەکان جودا دەبیتەوە.

لەگوڵە شەرمنۆکەکانەوە فێرببین.. چۆن بۆندار دەبێت رۆح؟

لەپەپوولەکانیشەوە فێری زمانی سادە گۆی گوڵە خەملیوەکان بین

بابزانین، نەغمەی باران بۆ سەرشارە لەگۆڤەندی عیشقدا!

بۆ کەللەسەری رابردوو.. پڕن لەحەکایەتەکانی دەردو دەوای، سەرابی سەوزو سووری فاسیلەکان!؟

ئەم گەمانە بۆ لەگۆڕەپانی ئەو رۆژگارانەی خوێن لەجگەریان دەتکێ پیادە دەبن؟!

بۆ لەوەتەی شەو هەیە– زاکیرەی رۆژگارە چاوە چاوکەرەکانی یاداشت دەکات

شەوەزەنگ فوو بەپشکۆی ئەستێراندا دەکات لەکوانوی–بوون–دا

یاخود لەکاسەی زەرکەفتینی رۆژەکاندا.. شەرابی حەوساڵەی شەو بنۆشین!؟ (رووبار ببینم دوو دار شەقی کەناری لەبن باڵدابێ‌و،

–پێی بڵێی ئەڕۆی ئۆغر

+بڵێ... ئاخر ئاسمان بەڵێنی نیشتمانێکی قەشەنگتری پێداوم!

سوێندم بەهەموو قەڵای ئەو بارانانەی لەکیسراکانی ئاسماندا نغرۆ بوون.. باران بۆیە دەست بەسەر سەری تۆوێکدا دێنێت.. تا هەمیشە شینایی لەسەر پێڵوی چاوانی بنێت! رووبار سوێند بەئایەتەکانی بخوات!

باڵندە لەخۆڕا بەناو دڵی–با–دا نافڕێ. وشە لەخۆڕا لەڕەحمی ئەندێشەیەکی بێ کەوشەندا نازێ! دایکم.. لەنوێژیدا سەر دانانەوێنێ بۆ (هیچ) هیچ نەبێ دەنگی دەروونی خۆی دەبیستێ. هیچ نەبێ ئایەتێك دەخوێنێ بەسەر باڵای ئایەتە نەوتراوەکانی ماڵەکەماندا.

(ئێمە ماڵمان لەسەر سوچی کوچەی گومانبوو.. ئێواران)

پەرەسێلکەکانی کوچەی سابونکەران.. پریاسکەیەکیان لەبن ساپیتەکانیدا دەپساند لەڕەنگی شەو....، پڕیبوو لەئاقیقی ئەستێرە

ئەستێرەکان لەلوتکەیاندا.. پێدەشت بوون! یا زێوانی خەونی کوژراوی خۆیان بوون– یا لەماڵیاندا کۆچەریبوون.. یا دۆستی پاوانەی سەفەر.. و بزمار ڕێژی گێژەنەکانی غوربەت بوون.

لێم مەپرسن چۆن ئەستێرەکان بەو شیری سۆییە چەشەبوون!؟

مانگ کلیلی ئەو نهێنیانەی لەگیرفاندا بوو کە ئەستێرەکان هەموو عومر بەدوایدا هەڵوەدابوون.

تۆش ئەی بارانی دایکم.. فیتنەی تۆ بوو

ڕەنگی خۆم لەبورجی باراندا....و

ڕەنگی زمانم لەبورجی خەزاندا....و

ڕەنگی ڕۆحم لەبورجی بروسکەدا دۆزییەوە

فیتنەی تۆ بوو فێریکردم سەر بەماڵی هەموو نهێنییەکاندا بکەم.. کە ڕێگای نیە! نهێنی سەوزبوونی مردنەکان.. مۆسیقا بەسفتوسوێکانی ئۆقیانوسەکانی مەحاڵ ببیستم.

چرۆکردنی بزە.. بەچڵی بەرزی گریانەوە ببینم!

تۆ نەبویتایە، چیم دابوو: لەئامۆژگارییە پڕ ڕەوانبێژییەکانی گژوگیا

چیم دابوو لەوەی وێڵگەردبم: تا بزانم سپێدە گۆرانیەکانی خۆی لەچ باخێکدا ونکردووە. نەهلستیەتی ئەستێرە لەچیدایە.. کە ڕەگی فەلسەفەکەی لەبۆشاییدا بێ!

بۆشایی: توو پیرۆزی خۆت پێمانبڵێ ئەم هەموو هێزە پڕ نەبەردییەت لەچ–بون–ێکەوە هێناوە؟ داری خەیاڵ بۆ دەتۆرێ لەتامی میوەکانی ئەقڵی خۆی. ئەم رازی پرسیارانە.. بەکوڵەکەی چ وەڵامگەلێکەوە وەستاون. بەهای چیە ژیان گەر بێزمانی بەرزە خەکانی مەرگمان بۆ نەهێنێتە زمان؟! بەهای چیە وشە گەر نەبوو بەگەندەموی ژێر باڵی پەپوولەکانی باران.

منی باران ماڵێکم هەیە لە**هیچستان**.

### پ.هیچستان

من هەمیشە وەك نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین.. وەك بومە لێڵی چلەی زستان، تەنیام

کە هەموو ڕێگایان بەمندا تێدەپەڕن! خەیاڵەکانتان (کە لەخوێنی منە) بێ زەندەق چون.. بێ منەت بن (بیخۆنەوە). مرازەکانیشتان کە لەگۆشتی منە چەشنی جوینی مناڵێکی تازە دەرهاتوو بیخۆن!! سەمای سەرمەدی تنۆکە بارانتان.. لەسەر پێستی گوڵە دۆزەخیەکانی منە!

دەستنوێژگرتنی ئاگرێکی نورانیتان بەئایەتی کانیەکانی منە! بنۆڕنە حوکمڕانێتی–با– لەسەر عەرشی ئاگری من! زایینی ئاو.. لەمنداڵدانی ئاگراوی پەڵە هەورێکی مندا.

بە–با– خەملیوەکان بڵێن: دایکم ئاو بوە...و باوکم ئاگر

دایکم کانی وەفا....و باوکم: کانی ئەوین! ئەو خوێنەی لەداوێنی رەحمی دایکم دەڕژا.. خوێن نەبوو! گاڵتەوگەپی تاریکیو روناکی.. ساردیو گەرمی.. جەنگو ئاشتی.. بوونو نەبوون، بوو! بەقەد ژمارەی

ئەستێرەکان —با—هەیە. لەبەر خاتری چاوی سەوزایی بمبەخشن کە نەمتوانیبێ ئایەتی ئەو گولاّنە تەفسیر بکەم کە مانفێستی وەرزە موعەمماکانی هەڵوەڕینیان بیرچوبێتەوە.

بمبەخشن کە بەردی نزاکانی ئاگرم نابێ بەو کێلانەوە کە لەئاو بوون. چی بەتۆ دەگەیاند: ئەڵقەڕێزی ئەو دەرگایانەم بترازاندایە کە لەتەویلەکانی پشتییەوە، حەرامزادانە مەرگ‌و ژیان بەماچ پەیمانی عیشق بۆ یەکدی تازەدەکەنەوە!؟ ئەی کچە زێڕینەکەی رۆح (ئەوان لەشتێك تێناگەن.. کە تێی ناگەن!).. هەقتە تامیبکەی هەنجیری پاککراوی خۆر کە بەچڵ‌وچێوی بەیانەوەیە. درەختێکی دڵتەڕ کە گەلاّی پانی، لەزەردەخەنەی هەتاوبێ، چەنێ پڕ ئەفیون: لەسەر خاکە کاکی بەکاکیەکەی خەیاڵ بیشەکێنێتەوە میهری جادوگەرییانەی —با—یەکی دێوانە! چەنێ جوانە..

ئەم رەنگە شینە کاڵەی ئاو

ئەم رەنگە پرتەقاڵیەی ئاگر

ئەمە رەنگە قەرسیلیە داگیرساوەی زەمین

ئەم رەنگە بێڕەنگەی—با— لەکوچەی غەریبی مندا،

ماڵە باجێنە.. هەلوکێن.. ئاشە بەتەنوورە.. دگلان دگلان دەکەنەوە.. کۆلارە هەڵدەدەنەوە بەحەوادا دەمەو ئێوارن.

ئایا رانم—لەناخی خاکی هەر چامەیەکیشمدا کە خاچی لێ داچەقێنرابێ ڕێمکردوەو بەپیر مەنزڵە بێ مەنزڵە ئەزەلیەکانیشیەوە چووم.

**مەنزڵێ** کە نیشتمانی ئاو.. ...و

مەنفا با....و

من کڵپەبوبێتم لەو نێوەیدا.

**ت.مەنزڵ**

لەتوێی توێکڵی تەنکی نیوەشەوێکی شادمان....و دەنکە مێخۆشەکانی ئەستێراندا هەیە.

جودا بوونەوە لێی.... هەڵوەرینەو

ئولفەتیش پێی.. دیلیە!!

وەرە لەم (مالایەعنی)یەدا،

بۆنی بکە پێستی یاسەمینی—با—

تامیبکە رۆحی بێحەیای ئاو

ببینە لەچ زیکرێکدایە دڵی کاڵفامی ئاگر

بنۆڕە لەم مەنزڵە.. کە یاخیە لەشەریعەتی کات

لەعەشرەتەکانی هەقیقەت!

+ئەرێ هەر —با—و مامانەکەم دەزانن.. چۆنچۆنی لەپزدانی ئاو **جودابومەوە**و هاتمەدەرێ؟!

**ج.جودایی**

شنەبایەك لەبن باڵی بیابانێکی ماندووەوە

قرچەی لێوە دەهات حەرفی چڵ و چێوەکانی
منی ئاسمان بەم بریندار بوونە هەمیشەییانەی خۆمەوە (ئەی باران)
لەبیر ئەفسانە شکۆمەندەکانی تۆدا بووم.
ئەو ساتەوەختانەی کە پەنجەت لەگەڵ تەجەللاکانی رواندا
تێکەڵ دەکرد...و
بەنیگا زین نەکراو...و بێ هەوسارەکەتەوە
ئاوادەبویت.
دواجار ئەی بارانی باڵدار، بەپەیامە رەونەقدارەکانی خۆتەوە
منت.. لەژێر دەواری مەودا بێقەرارەکانی-وجود-ی خۆمدا جێهێشت..و، شەفەقە شەهوانییەکانی منت پێچایەوە..و گەنجینەی سەفەرەکانت بەمەرجانی نوورە هەڵوەریوەکانی من سیخناخ کرد..و بەوێرانە زیندوەکانیشمت گوت:
گەر عاشقی نەمری کۆشکە بێشێوەکان نەبین
نەمریش: عاشقی مەلەکوتی وێرانەکانمان نابێت!
گوێم لەدارمانی تەلارەکانی خۆم گرت....و پرسیم:
نازانم بۆ... ئەم شارە بێ پەرۆشەی من لە-با- یان نەدەپرسی،
بەر ئەفیونی چ عیشقێك کەوتویت ئاوها ناسرەوی!؟
ئەم شارەی من رۆحی پیربووە.. بەزریکەی زنەیەك داناچڵەکێ کە لەحیکایەتی کێوێك پێدزەی کردوە...و زولاڵانە زایەڵەیە!
حەوسەڵەی ناسین..و دواندنی گەلایەکی نەبوو، کە لەبەرامەی هەڵوەرینیدا پەرجوی-وجود-ی لێدەرژا.
من چیم بکردایە لەشارێك ژنەکان تیایدا لەبری زەمکردنی زیناکردنەکانی گوڵ و با... زەمی ئەو سەرابە نەناسانەیان دەکرد کە لەدڵی پیاوەکانیاندا خەندەقیان لێدابوو؟!
گوێیان بەو دەنگانە نازرینگێنەوە کە لەبڕوا بەهەشتییەکانی -با-وە بەرزدەبنەوە.
پەنجەرەکانی مەحەبەت.. بەڕووی شێیای هیچ خواوەندێکدا ناکرێنەوە
نازانم.. ئەم شارەی من پاسارییەکانی فریویان بەچ هێلانەیەکی ئومێد خۆشکردووە، کە بەچڵوچێوی باغە دڵزەردەکانی بێوەفایی تەنرابێ!
زۆر جار بەگەڵا سەوزەکانم دەگوت:
گەر سبەینان سورەتەکانی نێو سینەتان والا بکەن
شەوکەتی رۆشناییە شکۆدارەکان بەمیوانی دێن....و
مرواریتان بۆ هەڵدەرێژن... مرواری.
ئەوجا بەئاوازی ورشەیەك: سەراسیمە کوچە خامۆشەکانی-با- تژی دەبنەوە لەوەرزە مەزەدارکانی سەما...و پەرەسێلکە نیشتەجێبووەکانی ئێوارە ئاوارەکان پێماندەڵێن:
بارانێکی عیشوەدار بەڕێوەیە، گەمەکانی خەلاس نابن..

گەمەی ژیان

گەمەی کات

گەمەی هەبوون

گەمەی ئەو عیشقە بەرزەخیانەی لەنهێنیەکانی **مەرگ** دەچن!!

**چ.مەرگ**

بنۆڕە لەهۆرۆسکۆبی با...و باران...و مانگ‌و ئەستێرەکانی خۆت!

ئەوجاکە دەزای ئەقڵت چ شایەتیەك دەدا لەسەر ئاوابونت. لەیەکێ لەچرکەساتەکاندا (خۆت) راتدەگرێت‌و لێتدەپرسێت:

چیبوو تۆی دایە دەست سەرچڵی واژە سەرەڕۆ...و بێڕەنگ...و بیێ سیما...و بێبۆن..و بێدەنگەکان، کە پڕت دەکەن لەڕەنگ...و سیما...و بۆن...و دەنگە جیاجیا‌و بێ شێوەکان! هەنوکە لەحاڵی خودی خۆت بنواڕە، لەنێوان زیندان...و ئازادی، هەڵفڕین...و نیشتنەوەی وشەکان!

خۆشە راستی نەسڵەمێتەوە لەبارخانەی درۆکانی خۆی! کە هەڵدەدێرێتە ناو ئەو قەدەرانەی دۆنکیشۆتانە دەم لەهەموو شتێکەوە دەدەن..و خۆ هەڵکێشانە دەڵێت:

ئاوی ژیان لەکانی مەرگ هەڵدەقوڵێ‌و

بنجی هەقیقەت‌و وەهم یەك تامیان هەیەو!

باڵی بتخانەکان دەبنە ناسنامەی ئەو داشقانەی فڕین دەگوازنەوە بۆ وەرزە وەجاخ کوێرو نابیناکان!

لەسەیوانی هەر شەهوەتێکدا.. گوڵە ئەرخەوانێك ئیشتیای دەشکێ بەئەشکی رەنگ.

ئەی مەرگی هاوڕێم... جێنشینی ئاگر..و با

ئەی بێسنوورترین سنوور.

داخوا تۆ ئێرەیی دەبەیت بەو باخەوانە ئاشوبگەرانەی خۆت ئاسا ئاسان ئاسان میوە شێدارەکانی گوناه لە**درەختە** بەحیشمەتەکانی ئیمانێکی سەرابی دەکەنەوە؟!

**ح.درەخت**

گەرچی وەستاوە...، کەچی با...و باران...و باڵندە...و رەنگەکانیش هەواڵی لەدوورترین جێگاوە بۆ دێنن. گەروا نەبوو گەڵاکانی خۆی دەنێرێ.

بەس شەریعەتی گەڵا دەزانێ

بەربوونەوەی تیشك بۆ نێو خەرقەی شەونم یانی چی!؟

گەڵا جگەر گۆشەکانم کە بەکراسە ئاودامانە گڕاوییەکانیانەوە

لەعەرش

دێنە

خوار

دەستەونزا.. شانامەی تەجەللاکانی خۆیان دەگێڕنەوە، کە ڕۆژگارێك تژیبوون لەفانۆسە دەم بەخەندەکانی هەتاو تا دڵی ئەو گوڵە نازنازانەی پێبدەنەوە.. کە هێشتا تنۆك تنۆك لەپۆلەکانی وەریندا، وڕێنەکانیان لەدۆسیەی مانا سەنگینەکانی خەزاندا ناونوسدەکەن...و نازانن:

شوکور هوشیارن مەرگ‌و ژیان

بەنۆبە چێتی‌و...و

ئاوەڵدوانەیی...و

جێنشینە خەراباتیەکانی یەکتر.

ئا... هەردوو دەستی فیراق... وویساڵە موبارەکەکەی

پەروەردگارێکن

یەزدانی بازبازێنی **هەقیقەتە** بێ دەرو دەروازە لێو بەبزەکان.

**خ.هەقیقەت**

ئەی بەهاری برسی، هەرزەکارانە واوەتر مەچۆ..،

ئەو گەلاّیانەی لەسەرپشت، لەسەر لەپی ئەو رووبارانە راکشاون لەتۆوی پشتی منەوەیە!

لەمندایە رۆحی منالاّنەی ئاو لەخەو هەڵدەستێ

–با– زیکری روخسارە بێهودەییەکانی خۆیدەکات.

شیعر بەئارگۆمێنتە ئیرۆسیەکانی خۆیەوە دێت....و

لەبەردەم ئاوێنەی پەیڤە بانگوێژەکانی مندا، ناشرینی مزگێنیەکانی خۆی کەشف دەکا.

راستە لەهێرشبردن بۆ هەر کیشوەرێکی خەزان

دورگەیەك هەیە بۆ هێمنبوونەوەی گوڵشەنەکان

ئەو دورگە نێرەموکەی نە جوانە... نەناشرین

نە ونە... نە ئاشکرا.

ئەو دورگەیەی نە لەڕوناکیە.. نە لەتاریکی

روو بەندێکە،

لەبالاّگەردانی **شاعیرە** بەرزەخیەکان.

**د.شاعیر**

جێپێی بەسەر حوسن‌و زیافەتی لمی ئەو هەتاوە دڵگەشەوەیە، رۆژانێك بەبادەی سەرابێکی هێجگار بەتامی... پەرێشانیەکانی مەستکردووە...و، بەپشکۆی کوانوی ئێوارانێکی سەرحاڵی فەرمووە: باڕۆشنایی لەحەوش‌و دالاّنتا بوێرانە بشنێتەوە خوڕەی بێ گوناهە جوان‌و فەرامۆشکراوەکانی رووبار..

شێتایەتیان لێبچۆڕێ سەما دڵگەرمەکانی بارانێك

گەروچان بگرن...و شەیدایانە لەنێو چاوی تاوە بارانێکی ئازادی وردببنەوە. چەندین گوڵجاڕی گەواڵە هەوری هەنجن هەنجن کراو دەبیننەوە. باخێك کە پڕببێت لەگوڵە رازیانەی راز.. دڵی بەختەوەریتی تیا

بەهێز دەبێ، گەرچی درەختی خۆری.. رەگی تیشکەکانی لە-با- داکوتیوە.. کەچی سەیرە نالەرزێو لەو مەحشەرەدا ئالیك دەدا بەئەسپەکانی ئاو!

ئاو: ئاوێنەی هەوربوو کە ئاسمان سەیری نهێنیە سەمەرەکانی رەنگی خۆی پێدەکرد، لەباوەش پیاکردنێکی تریشقەدا.. لەدەستی کەوتە خوارێو شکا..! ئەمێستا باران ئەو پارچە شکاوانەن.

مەحشەریش: عەرشێکە لەتەلیسم، تریفەکانن فەرمانڕەوا. کە تۆ باخچەیەك شك نەبەیت، لەشکۆفەی نیگا بەحیشمەتەکانی تەنیایی خۆت.

تەنیایی عیشق

تەنیایی تەفسیر

تەنیایی سەفەر

تەنیایی بینین

ئیدی بەتۆچی تامی ئەو گێلاسە ئالآنەی بەچڵی خۆرەوە شۆڕبونەتەوە؟!

هەستی زەلیلی تۆ، کە گوێبیستی غەزەلێك نەبێت

کە لەگیانی گیایە گۆڵگوڵیەکانەوە بەرزدەبنەوە...

ئیدی دەنکە ترێی وشەکانی من، چۆن لەکوپەی بەلاغەتی تۆدا

ببینە شەراب!؟ (کێ ئەوەندەی منو پاییز **تەنیا** ئەمرێ؟!)

**ز.تەنیایی**

شتێکم پێدەڵێ: لەنهێنیە ئابڵوقەدراوەکانی باران، ئەو وەختەی تێکەڵ بەهیجرەتی نیگاکانی خۆی دەبێ. بەرماڵێکم بۆ رادەخات لەدۆعا بێدەنگو نەبیستراوەکانی روخساری -با-.

ئاخر خوانەناسانە..!

بەژێر پەردەو درزی دەرگاو پەنجەرەکانی تەنیاییماندا دێتەژوور-با- بەپێدەشتو چۆڵی بۆشاییەکانی عیشقدا دێتەخوار باران.

ئاخر پێمنالێن: مەلی بێماڵی رۆح.. لەرۆژە هەڵقرچێنەرەکانی **غوربەتساندا** خۆی لەچ خۆشاوێکدا بشوات؟!

**غوربەتسان**:

پەرڵەیەکە لەژێر سەری واهیمەکاندا.. گەرچی لەمناڵیمەوە فاشیلانە بەسوار گالیسکەی پەپوولە پاییزەکانەوە هەڵوەدایم.. کەچی ئەم فیتنە سەرابییەی سەبوریم، وێدەچێ لەلایەن باجەوانی فەرهەنگۆکی سیحر بازەکانەوە گۆشکرابێ....و بەقەد ژمارەی ئەستێرە کەمدووەکانیش سترانی سەیرو سەمەرەی خۆی هەیە.

بادانەوە بۆ نێو داوی ئەو پورە هەنگانەی گۆبەند لەکوچە پێچاوپێچەکانی باخی خەیاڵێکدا سازدەکەن. یا لەغەزەلی ئەو هەنارە بڕنینەوە کە لەدیواری خەڵوەتێکەوە خزاوەتە ماڵەکەمانەوە.

یا دەرگات ئاوەڵابێت بەڕووی ئەو سێبەرە جاهیلانەی نازانن فەقێی چ رووناکیەك بوون. من وازم لەزۆر شت هێناوە کە لێویان خستۆتە سەر لێوی ناتەواوییەکانی ژیان. تەنها نەمتوانیوە لەو چوار مێخەکە دەربازبم ئاو...و خۆڵ...و ئاگر...و با!!

ئا لەژێر پێستی دایکمدا شەوم دەبینی.. ئەستێرەکان خانەی بوون.

قاچێکی لەئاگرە...و قاچێکی لە-با- بوو

سیمای لەئاو....و چاوەکانی لەرەنگی خاكو خۆڵی خۆردەچوو

رۆڵە ناوێك لەمن مەنێ، کە فەنابوون بیناسێتەوە! هیچ پرتەقاڵێ.. ئێرەیی دەبات بەسێوەکەی هاوسێی؟

منیش پچڕ پچڕ.. تنۆکە ئەستێرە بوومو تکاومەتە دەفری شەوەوە.

حیکمەتی ترێ لەوەدایە دەم ناخاتە ناو دەمی هەموو وەرزەکان.

زمانی گوڵ..و باران جودان!

زمانی پەپولە...و خەون جودان!

حەسرەتە نەدوێنراوەکانی زەردە هەتاوی نێو هەیوانی فەنابوون نەبێ!

من چ بڵێم: ساڵ دوانزەی مانگ نابنە شکۆفەی رووان. من چوزانم خەڵکی کەمتر دەچن بۆ کۆرسەکانی باران...و لەدەرگاکانی زەمهەریر نادەن کە لەو دیویەوە پڕە لەهەقایەتەکانی گوێ ئاگردان. برۆ بەر ئاوێنەی-با-و ئەلحەمدێك بنێرە بۆ سەلامەتی پەپوولە پاییزەکانی نیشتمان. لەبەر ئاوێنەی-ئاودا بیربکەرەوە لەزاکیرەی ماسیە فەنابووەکان. لەبەر ئاوێنەی خۆڵدا خۆت تێکبئاڵێنە لەفامیدەیی ئەو سەمایەی بەبارانی گوت: هەمووشتێك لەخۆشی تۆ دڵی سەوز دەبێت. لەبەر ئاوێنەی ئاگردا بەرگری لەو تیشکانە بکە کە لەبەردەمی گەڵاکاندا رووتنو ئیفتخار بەجوانیەکەوە دەکەن کە بەشی هەموومان دەکەن. هەموو ئەوانەی هەتیوین لە**غوربەتسانەکانی** عیشقدا.

**ڕ.غەریبی**

چونە لەدووی پەرجوی ئەو پشکە شەونمانەی عەیامێکە لەمەعبەدی شەوبۆکاندا سەر بۆ فەرمایشتی ئایەتەکانی-با- دەلەقێنن.

چونە نێو شەپۆلی ئەو نەشئە یەزدانیانەن کە لەژێر باڵی ئەستێرەکاندا چینەیان کردوە...و ئینجانەی روانینی ئێمەی نابینایان پڕکردووە لەڕوانین...و موعەممامی چەتەکانی نوور...و شەهوەتی شەبەنگە جەللادەکان

چونە نێو دێری ئاوە راهیبەکانو خۆپاکڕ راگرتنە بەموناجاتی ئەو عیشقە گومناوەی، رۆحی شەمزاومان سیخناخ دەکات لەفێنکی گوڵە مێخەکی فەسڵنامە ئەفیونیەکان. چونە خەڵوەتی پەپوولە ئاگر پەرستو پەیکی هەڵاڵە مەدهۆشو پرسەی بارانە خۆنەویستەکان. سەرەتای ئەو جەبرە بەراییەی رۆحێکی ئاویشە، کە کۆتایی لەنجەو رەتاندنی **ئیختیارەکانی** خۆی ناخاتە رستەی هیچ ئیمانێکەوە!

**ز.ئیختیار**

تەنها لەبەر قاپی پیتە بەرەحمەکانی تۆدا بوو، ئەی.. دڵۆپە بارانی بەجێماوی سەر پەلکی گیا..، نەترسامو وێردەکانم دایە دەست دۆعا پەتیارەکانی وشە. دەستنوێژم شوشتو نوێژم دابەست لەسەر

بەرماڵی رۆحی رەوان. تا ئاوەدان ببێتەوە-وێران-ە بەرزەخیەکانی ئیدراکی ئاگریم-و، تا قوڵپداتەوە کانیە کوێرەوەبووەکانی هۆشم...و تا بەش بەشیکەمەوە درەوشانەوەی رازو نیازی خاكو خۆڵە ئەفسونیەکان. تا سەفەر دەستپێبکەمەوە بۆ نێو کیشوەرە مەحشەرستانیەکانی-با-و والآتر بێت رۆحی تیشکە خرۆشاوەکانو بە بەهاتربێت دورگە نەستەقەکانی تەنیاییو تا لەوێڕا موتوربە ببمەوە بەدەرونی ئاو...و جەستەی ئاو..و هۆشی ئاو..و بوونی ئاو...و بێوەفایی ئاوە دابەشنەبووەکان.. تێگەیشتن لەم راستیە سەرابیانە.. بۆ هەناسەیەکیش بێت رامان دەگریۆ دەمانکاتە هێلانە بۆ خەمە بێماڵەکان.

نوقمبە ئەی ئاسمانی بەئافات بەهەموو فەزاکانتەوە لەکوپەی ئەم کانیاوەمدا... کە دواتر شەرابی هەقیقەتی خۆت، بەڕوونی لە**نیگاکانمدا** دەبینیەوە.

**ژ.نیگا**

پێشینان دەڵێن: گوڵ خەلآتو بەخششی رەنجەکانی دڕکەزیبوون تا نەیبڕنەوە

هەروەکو-با-م، گەلآ.. باران.. باڵندە.. تیشك،

بەناومدا دەڕۆن دەمبینن..و نامدوێنن یا نامبینن...و دەمدوێنن! چرکەچرکی حەرفەکانی باران.. بۆ پاشو پێشخستنی کاژمێری هەورە، تا ڕێبکەین بەنێو ئەو رووباری ئەستێرە کێوییانەی بەسەر سینەی شەوەکانی=نەزانین-دا دەکشێن.

ژیان ئەو وێنە نەبینراوانەی-با-ن کە لەسەر رووپەڕی ئاو نەخشێنراون

تریفەکەی: سوار چاکێکە، وردە چەوەکانی باران غاردەدا کە بەڕەوەزەکانی بۆشاییدا دێنەخوارو دەحیلێنن.

دەکارم بێژم: ئەم وشە دەمامکدارانەی لەبەردەستی گومانەکانی تۆدان.. بۆنی سەفەرە فەنابووەکانی شیعریان لێدێت. شیعر فەنا نەبێ چیدی ناژی.

من...و تۆ یەکدی ناناسین، ئەوە نەبێت لەپێدەشتو کۆڵآنە تەنگەبەرەکانی غوربەت...و چاوەڕوانی..و لاوازییەکانماندا بەیەکدی بگەینو سلآوێك بگۆڕینەوە...و ببینە **یارو** یاوەری جیلوەی ماجەرایەکی ژیان.

**س.یار**

باڵت والآ بکە، ئەی رۆحی مێرخاسم

لەو ئاسمانە داوێنپاكو بێ غەلو غەشەی عیشقدا.

لەبەردەم وشە بێدارو بێ حوزنەکانی بەیانیدا، لەنگەر بگرەو بێخەیالآنە بجریوێنە ج ج ج ر ر ر ی ی ی و و و.

دۆسیەی خەیاڵە یاساغکراوەکانی-با-

حیشمەتی ماناکانی تیشکی ئەم شارە تەوتەمیەم هەڵبدەوە...و، بەئاونگی سەر منارەی گەلآ گوڵ گرتووەکانیش بێژە:

بەو نەغمانەتانەوە چ خۆشخوانن. لێدەن.. لێدەن

بەپەنجە نەرمەکانی باران لەو دەرگا دوو دەرییانەی سنورە

وەهمیەکانی مەملکەتی دۆزەخ..و بەهەشتمان بۆ دەسڕنەوە!

ئێوەش راستدەکەن ژنە شا باڵدارەکانی ئەم عیشقە

سوتەمەڕۆیەم، وا بزانم منی شەیدا.. هەمیشە لەم خاکەدا بیرم دەچێ (زۆر دوور رۆیشتوم کە دەبێ چیدی نەڕۆم.. **گەڕانەوەشم** وەکو چونە پێشم هەر سەختە)

**ش.گەڕانەوە**

شانەو شانی شیعریش بێ: (من سەرابێکم خامۆش.. دەرکراو لەپزدانی خۆر، بێفایدەیە گەڕانەوە بۆ باوەشی پڕ میهری **دایکم**.

ماخۆلیامەو دەترسێم شاعیرانە لەنێو پەیڤەکانی بیاباندا نەمرم!)

**ع.دایك**

لەمەنفاکاندان..و من لەوێ نیم، کە زۆر تەنیا بەنێو کۆڵانەکانی رۆحدا دەسوڕێنەوە...و حەوزی مزگەوتێك نابینینەوە، کەماسیەکان لەسەر ریتمی غەریبیتان مەلەبکەن.

لەمەنفادان...و من لەوێ نیم، کە ناتوانن بروسکەیەك رابموسن‌و لەژێر باڵەکانیەوە... دەست درێژ بکەن بۆ گیرفانەکانی هەورو تنۆکە بارانی مرواری بدزن بۆ رازیکردنی یارە تاقانەکەی رۆح.

رۆڵەکانم، هەقیقەت.. هەڵوەرینی باڵی پەپولەیە ئەو لەحزەیەی کە لەزیارەتی گولاڵەیەکی کێویدایە.

ببوورن هیچم نیە بۆ گوتن: وەڵێ لایەنگری  ئەو ئاوە بکەن بە بەردی گوت: (گەر تۆ نەبویتانە منیش نەدەبووم). گەر وانەبایە چرکەکان لەتەریبیدا یەکسان نەدەبوون..و من بەسەرگوزشتەکانمەوە نەدەچوومە سەر (کانی با)و (کاك ئەحمەدی بۆنخۆش)و عەباکەم بەدەست باڕەشێکی بێحەیاوە نەدەبووە باڵی پەڕەسێلکە بۆتان‌و، من چەرمی گوراوی خۆمم نەدەکرد بەکەوش بۆ یاری‌و مەزاتی نێو درکەزییەکانی ئێوە..و لەزستانەکانی مەراقدا پەتۆی سوکناییم پیا نەدەدانەوە..و. کۆڵانێکی ونبوی کیشوەرێکیش، لەدوی شوناسی خۆی نەدەگەڕا. کێ دەڵێت: دەرمانی ئەو ئەستێرانەی بەساراکانی شەونخونی منەوە بوون بۆ رۆح ئێشەتان دەوانیە؟

ئەی بۆ لەناو هەر رووەکێکدا.. تۆوێك هەیە بۆ ناشتن؟ بۆ ئەوەی باوەڕتان بەهیچ نەبێت.. چیترە باوەڕ بەهەموو شتێك بهێنن! ئەمەش دوا وەسیەتی **باوکتان** بوو.. ..!

**غ.باوك**

سوپاس: بۆ بەرچنە ئایەتی میوەکانی باخەکەم، کە سەرشاربوون لەخەونامەدا..و بێدەنگ هەڵبڕین فرزەندی درەختەکانی بان رۆحی خۆیانبوون.

سوپاس.. بۆ سۆزگیەك لەزاکیرەی سەوزە تەڕو بڕەکانی ئێوارەی هاوین، ئەو هاوینەی پەڕەسێلکە غەریبەکان موسافیری نێو مەودای ساتە سرکەکانی بوون. پێدەشتێك شوکرانە، بۆ تریفەی مانگە شەوە بێدەنگەکانی سەرچنار کە نەشئەی دەبەخشیە هێمنی بەلەمە تاقانەکە..و دەبووە چرای ماسیە مەستەکان‌و. بەسەر گەلأی چنارەکانیشدا بێخۆف تەنیایی وەکو رێبواری دەگوزەرا.

ئەو تەنیاییانەی هەمیشە لەئاوێنەکانیدا بەڕووت‌و قوتی خەیاڵەکانمدا هەڵدەڵێم‌و بێبەرییان دەکەم لەکەرنەڤاڵی بەبەغاکان

سوپاس.. بۆ ئەو مۆسیقایەی بەئەسپایی، لەتاڵە رۆشنەکانی تریفەو ژێکانی ئاو بەرزدەبوونەوە.

سوپاس.. بۆ شعوری ئەو مۆمە چاو بەئەشکانەش کە لەشەوەکانی غوربەتدا بەدیار مەراقی هەتیوکەوتووی منەوە دەتوانەوە.

باوکم ئاگر بوو ئاوی لەخۆیدا هەڵئەقۆزی.. بروسکە بوو **فیستڤاڵی** نامۆییەکانی خۆی تیا ئەدۆزی.

**ف.فیستڤاڵ**

راستە چەشنی وێنە نەشۆراوەکانی منالّی..، منالاّنە جێمهێشتن. وەلێ لاسکی ئەو ئەستێرانەی بەشنەی شەو ئەشەکێنەوە.. بۆ رامانەکانی ئێوە. ئەو پەنجەرە شەرمنۆکانەی بێ ورتە ورت، دەچونە پێشوازی کۆلاّنەکانی سەبوریم.. تریفقە بەنەزاکەتەکانی بۆ ئێوە.

روخساری هەتاو کە لەئاوێنەدا عیشوە دەکاو بەکامی دڵ دەخەنێتەوە.. یادگارییەکانی بۆ ئێوە.

سێبەری ئەو گوڵە بێوەییانەی، ئایەت بەئایەت نوێژەکانی ماڵئاواییان دەورە دەکرد.. دۆعاکانی بۆ ئێوە.

رەنگی پەیڤێ، کە لەباڵی پەپوولە نەناسراوەکانی تەنیایی منەوە دەڕژان.. بۆ بەختەوەری باخەکانی **ئێوە**.

**ڤ.ئێوە**

چۆن مەئیوسانە، جەستەی رۆژگارەکانتان لەنێوان کێشمەکێشی سەرابی ئاو..و ئاوی سەرابەکاندا تیکە تیکە کردووە!؟

ئەو خەونە وردیلانەی تخوبی شنەی تیشك..و جاڕە گوڵی بەزمو رەزمەکانی زەمەنیان ناز نەکردبێ، چارەنوسی چریکەیان بەربوونەوە بووە.

بەربونەوەش زیندەگیە! تکایە.. ..

چیدی بێ **دەستنوێژ**، پێ درێژمەکەنە سەر ئەم بەرماڵی جاویدانیەمو دەستبازیش لەگەڵ لەنجەی ئەو سروە ئاگراوییەشدا مەکەن، کە نم نم نازی عیشقێ سەر پێهەڵگرتووە بۆ میحرابە وێڵگەردەکەی (نزا سپیەکانی من).

**ق.دەستنوێژ**

وێدەچێ نەزاکەتی ئاو، یاسا بوبێ بۆ شارستانیەتە قشتیلانەکانی رۆحم. گەر وەکو من بتانزانیبا.. هامۆشۆ بەنێو رارەوەکانی ئاگر. خۆڵ.. با.. ئاودا چیە؟ چرکە بەچرکە حەشری باختان رادەخست بۆ پیاسەکردنی هەناسە پەژموردە بووەکانی منیش! ئەمێستا لەم سەوداسەرییەی گۆڕستانیشدا هەرچی بێژم: لەڕەشە رێحانە..و تامی میوەی دۆزەخ دەچێ.

هەنوکە تەنیاییم.. لەچرپەی ئاگرێکە زاهید

خەونم.. لەنزاکانی خۆڵێکە خەڵوەتنشین

رابردووم، ئا رابردوشم.. هەنوکە لە**چریکەی**–با–یە کە میهرەبان

**ك.چریکە**

دەڵێن بادەی–بوون–تاڵە، مەیگێڕ. تێیکە ئەو تاڵیەی لەلوغزێکی خۆشە

کە شەرابێکە لەڕەزی بەرزەخەکانی خۆمم گرتووە! رێکردن بەسنورەکانی مەستیدا شکۆفەکردنەوەی گوڵە پەژموردە بووەکانی غوربەتێکە لەئینجانەیەکی سەربەستیدا.

چیه ئەم زەنگۆڵی خونچە رەنگاڵەییانەت لەبەرۆکتداوە (ئەی خەرابات) ئاوها خۆ خوازانە بەباخە نابووتو بێگوڵەکانی ئێمەدا بەرزە دەماغانە تێدەپەڕیت کەس نیە باخێکی نەبوبێت. داخوا نەدەشیا بەدرێژیو پانی پەڕتوکە پیرۆزەکانی ئەم–بوونە– پەنهانە پێتگوتینایە–! بیرکردنەوەش تەرزە غەشێکی ترە لەزیندانو ئیمتحانە بێهودەکانی من دا!

کاتێ باڵندەکان بێباکانە بەفڕینە ساکارەکانیەوە، لێرەوە.. بەسەر بورجی عاجی بەرزەخەکانی مندا تێدەپەڕن.

شاخ ئیرادەگەرییانە.. بەسەر بڵندیو شکۆفەی فەلسەفەبێ فاسیلەکانی خۆیەوە دەنازێ.

ئاویش دەڵێت: داخم، لەوەتی هەن بەهەموو ماریفەتێکتانەوە لەچرکە چرکی **زوهدەکانی** من تێناگەن!

**گ.زوهد**

ئیدی دەبێ لەزمانی ئەو زامە مەزەدارانە حاڵیببین، کە هەموو شت لەمشتیاندا دەڕزێ..و دەزڕێ، تەنێ زێڕەکانی نێو هەگبەی گیانی خۆیان نەبێ! هیدایەتم بکە: ئەی ئەو بێدەنگیە ڤەگەبۆندەی بێترس لەمەحشەری یەکترا رادەکشێینو لەبێداریشماندا **ئارەزووە** بەسوتماکەکانی ئەشکەوتی هەبونمان دەبێژین..و دەبێژینەوە.

**ل.ئارەزوو**

دواتر بەو شەوانەی شەیدان بەئەستێرە پاکیزەکانی خۆیان، دەڵێم: ئەو دەمانەی بەئازادییە بێ مەرزو بزێوەکانی خۆتانەوە دەنازن هێندەی سەرە دەرزییەکیش بێت سوژدەبۆ شەهوەتی چ رۆشناییەکی نەناس دەبەن؟!

رۆشنایی ئاو.. ..و ئاگر

**شەهوەتی** خۆڵ..و با؟

**ڵ.شەهوەت**

لەوەتی بیرم بێت، نەنکم تورەکەی بۆ ئەو هێشووە بەرسیلانە هەڵدەدوری کە لەماڵەکەماندا لەگەڵ خەونەکانماندا گەورە ئەبوون..، ئێمەش بەدەستی ئەو خەونانە وردە نانمان بۆ باڵندە ئاوی..و **کۆچەرییەکانی** رۆحی حەوشەکەمان رۆدەکرد (تا هەنوکەش نازانم بۆ!؟).

**م.کۆچ**

وێدەچێ داچۆڕانی سپێرمی بارانبێ بۆ هێڵە عەدەمیەکانی خۆی! خۆت بدە بەدەستەوە ئەی ئەو نهێنیەی لەزاییندایو هەموو گەرەکمانە دوا ناوت لێبنێین.

رەهای بکە.. ئەو رەهاییە بە بەهایەی دیلت دەکات لەپەرژینی مۆسیقا ئەفیونیەکانی خۆیدا:

داگیریبکە.. ئەو خەیاڵەخاراوەی، دەخوازێ لەبارینی حوزنەکانی خۆیدا بگاتە ئۆرگازم، ئۆرگازمی **کەماڵ**!

**ن.کەماڵ**

مردنێکی قەشەنگە! کە لەنێوان بەرماڵی خۆر..و درودی خۆر.. ..و دۆعای خۆر..و رەوزەی خۆرداو بەوێڵبونەکانی خۆیەوە دەنازێ.

تا لەئەبەدییەتدا نەمردویت (ئەی میتافۆر) بۆ **پاکبوونەوە**، یەکێك لەو گەمانە هەڵبژێرە بۆ چەواشەییەکانی ژیان! ئاخر ژیان میتافۆرەو بەس! بارانێکی عاشق وەهای دەگوت.

**و. پاکبوونەوە**

ئەی سەبووریيەکەی رۆحی سپیم، گەر بتزانیبا لەدوای تۆ، چۆن باران لەهەور..و، گەلاّ لەدرەختی-وجود-ی خۆی جودا دەبوەوە هەروا سانا وەرزەکانی عیشقت جێنەدەهێشتم، تا **بمرم**! (بشمکوژی مەمنونم.. من عاشقی زەبونم)

**هـ. مردن**

دەهێڵم بمبەی، ئەی مەرگ بۆ لای ئەو گولاّنەی هێمن.. هێمنو شاعیرانەشوێن پێی هەنگاوە نامورادەکانی ئەم شارە گومبوەیان لەڕەنگو بۆیاندا هەڵدەگرت.

دەهێڵم بمبەی، ئەی خەزانی یارم بۆ لای ئەو گەلاّیانەی.. گەر دەستی یارێکی تر نەبایە..، دەستیان لەدەستی درەختەکەیان نەدەکردەوە! من ئەو ساتە تاسەی قوڵی دوا تروسکەی کزی خۆرم کرد لەتۆدا (ئەی مەرگ)! کە ئیدی سێبەرە سواوەکانی **ژیان** تێریان کردبووم.

**ی. ژیان**

لیمۆیەکی ترش بوو پڕیکردبووم لەنامەکانی خۆی. ئەشێ باوەڕمان بەو باوەڕە هەبێت کە پریشکەکان لەزوڵمەتێکەوە هاتوون؟ یاخود دەنگە کپو زرنگاوە وێڵەکانی باران پێمان بڵێت: (من خۆکوژیم کرد.. تا نهێنیەکان شین بن)!؟ باوەڕمان بەوە هەبێت، ئاویش لەسەفەرێکیدا بەبەرد بڵێتەوە: من نەبومایە.. تۆ بەناوەکانیشتەوە هەر نەدەبویت؟ باوەڕ بکەین وشەکان ئەشرافزادەترین بونەوەرەکانی تەنیاییمانن..؟ باوەڕ بکەین بەجاویدانیەك کە لەدواجاردا دەڵێت: نەمری درۆیە.. زیندەگی درۆیەکی گەورەترا؟

-داخوا ژیان رازی ئەو چرپە خۆشەیە کە ئاونگ دەیدا بەگوێی گەلاّیەکی ئەفسوردەو مەدهۆشدا؟

سورەتی رێگایەکە کە مەعبەدی نهێنییەکی بێڕەنگی، فرە رەنگ

بێزمانی، فرە زمان

بێباڵی، فرە فڕین پەنایدەدات؟

جێڕەنگی ئەو بەیانیانەیە کە بەخۆیو تیرۆژەکانیەوە لەخومخانەی پەپولە تەمەنکورتەکاندا رەنگی سەری خەتاکانی خۆی دەکات؟

حاشای ئەو دەریایەیە.. کە سەرە داوی ئاوازەکانی بارانی لەقولاّیی مۆزەخانەکانی خۆیدا نەناشتووە؟

ناسینەوەی ویقارو تاسەو لەرەو بۆنی سەبایەکی ئەو لەحزانەیە کە پێیان لەنسکۆ نابیناکانی حەسرەتێك هەڵنەتوتاوە؟

-تۆ چیدەکەی ئەو ساتەوەختەی ئەستێرەکان خودا غەزەبی لێگرتوون‌و ژەهر دەرخواردی شەو دەدەن لەکاسەی بلوری مانگدا؟

تۆ چیدەکەی ئەو ساتەوەختەی.. بەرد ئەڵماسی ئەستێرەکان لەرقی کوندە پەپووەکان دەستێکی نارەسەن پڕ دەکەن لەئەفیونە شەرەنگێزەکانی ورشە ورشی تیشکەکان؟

با پەرەی ئەم خەیاڵە خرفبوانەش.. نەبەخشینە ئاگردانەکانی هۆشیاری

بەرووتی هەروەك قەسیدەیەکی-با- رەدوی ئەبجەدییەتەکانی سەفەرێ بکەوین..و لێگەڕێین پریشکە شێتو وێتەکانی چەندیان دەوێ سەما بکەن. روناکی بەهەموو چەپاندنەکانی خۆیەوە، حەشەریانە

مەمکەکانی بلەرێنێتەوە. کوانووە کەمدووەکانی وەهەم، قسەی گەرموگوڕی سەفەرەکانیان بیرنەچێتەوە. با نەنکم بەهەموو ئیمانی خۆیەوە بەرماڵی بڕوا بدا بەسەر شانیداو خەتمی روناکیە نەبینراوەکانی خۆی بکات. شینایی لەگەڵ مەرزەکانی تەمەننا..و تەمەندا بکەونە زمان.

-ئەرێ فڕینی نەغمەکانیش هێند سیحراوی نەبان.. منالێتیمان ئاوها عەودالی راوە چۆلەکە دەبوو؟

هەور هێند شەهوەتبارانە باڵەکانی واز نەکردابا- بارانێ هێند شەیدایانە تەڕی دەکردین؟

دایکیشم لەخۆیەوە بوختانی بەدەم باڵندەکانەوە دەکردو بلێ: ئەو چۆلەکانە دەجریوێنن.. یانی میوانمان دێ (قوربانی ناوی بم).. بەهارێك بوو لەنوورێکی **شەیدا** قسەکانی.

**ی.شەیدا**

ئەو کاتەی دارە مەیتەکەم لەسەر شانتانە:

پەڵە هەورێ.. وا بەدەنوکی-با-وە

تنۆکە بارانەکان نقومی جریوەن

عەردی بەیاری دڵی تەنیام دەبوژێننەوە

هەتاو بانگی دەدا، نوێژیان دەکرد تیرۆژەکانی

منیش بەتەڕی ئەوان (ئەلحەمد) دەخوێنم

رۆح بسمیل دەکەم.

کە منیش دەنێژن: ئەوجا

خۆی بەئەفسوردەییەکانی من سیحراوی دەکا- بۆشایی با

خۆی بەخەونەکانی من خەرامان دەکا- بەخشندەییەکانی ئاو

خۆی بەورێنەکانی من دەنەخشێنێ- نامۆییەکانی خاك

خۆی بەسەفەرەکانی من سەرمەستدەکا- رەنجەکانی ئاگر

کەژاوەی نیوەچڵی خۆی، بەئەکسیری ژیانی من رازی کرد- مەرگ

موعەممایەکی سەیرە ژیان-مردن موعەممایەکی سەمەرەتر

منبووم ویستم فاسیلەی ناوەوە-و دەرەوەی پەنهانیەکان بسڕمەوە

منبووم ویستم فاسیلەی نێوان هەور-و بارانیش بگێڕمەوە.

وەلێ، من فەنا بووم-و، فاسیلەکان پڕ نەبوونەوە فاسیلەکان نەبان (منەوەرێك..و مشکێك نەئەمردن پێکەوە).

(کل نفس ذائقة الموت)!

* * *